# (( ئێوارەیەك لە پاڵ قەڵای دێرینی هەولێردا ))

حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ
husin966@yahoo.com



( د. عفیف بهنسی ) لە کتێبی ( تاریخ البلاد الشام ) باس لەوە دەکات کە یەکەم ماڵی ئادەم کەوتووەتە وڵاتی شام ( سوریای گەورە ) وە ، هەروەها لە درێژەی باسەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە شوێنەوارناسان ئەوەیان ئاشکرا کردووە کە هابیل بە دەستی قابیل لەو وڵاتەدا خوێنی رژا و لەم ساڵانەی دوایەدا ئاسەوارو شوێنەواری ئەو خوێنە لەلایەن ئارکۆلۆژیەکان و شوینەوارناسانەوە ئاشکرا کراوە ، **لەسەر گۆی ئەم زەویە پان و پۆڕەدا تەنها شەش مرۆڤ هەبوون** دانویان بەیەکەوە نەدەکولا و نەدەگونجان و کەوتنە گیان و ویزەی یەکتر ئەنجامەکەشی بەکوشتنی هابیل کۆتای هات ، قابیل پێشەنگی یەکەم پیاوکوژی و خوێنرێژی سەر گۆی ئەم زەویە بوو جڵەو کێشی نەوە و وەچەکانی دوای خۆی بوو ، پاش ئەو کوشتنە نەوەکانی دوای ئەوان چەندین لەشکرکێشی و شەرو شۆڕی بێئامان و کوشتارکاری ناوچەی و هەرێمی و دوڵەتی و جیهانیان بەرپا کرد سەرئەنجامەکشی مرۆڤگەلێکی بێشومار بوونە قوربانی ، ئاخۆ ئەگەر قابیل ئەو دەستپێشخەریەی نەکردایە بۆ جورئەتدان بەمرۆڤ بۆ کوشتن و قڕکردنی یەکتر ئێستا ژمارەی دانیشتوانی سەر گۆی زەوی چەند دەبوو!، ئەگەر مرۆڤەکان هەموو میتۆدی ئاشتیانەیان هەبوایە دوور لە شەڕەنگێزی و پێکدان و بەئاشتی و برایانە تەمەنیان بەڕێ خستایە ئێستا ئەم تەمەنەی ئێمە بەسەری دەبین لە چ بەهەشتێکی خەیاڵیدا دەژیاین و چۆن گوزەرانێکمان بەسەر دەبرد ؟

ئێمە تەنها جارێك لەسەر ئەم زەویە دەژین کە ماڵئاوایمان لێکرد ئیتر نازانین چ باس و هەواڵێك هەیە و مرۆڤگەلی دوای ئێمە چووڵن دەژین ؟ و چی دەکەن ؟ ئاخۆ ژیانی ئێمە بۆ ئەوان دەبێتە پەند و ئەزموون و باشتر لە سەر باشەکانی ئێمە بنیات بنین وتێدا سودمەند بن و خراپەکانی ئێمەش لە رەگ و ریشەوە بنکوڵ بکەن و هەمان هەڵە دووبارە نەکەنەوە ؟

ئەمە بەشێك بوو لەو بیرکردنەوەم کە ئێواریەك لەپاڵ قەڵای دێرینی هەولێردا کە لەگەڵ یەکێك لەهاورێکانمدا بۆ بەڕێخستنی ئێواریەك چوینە پاڵ ئەو قەڵایە کە بەچاوەکانم تەواوی دیمەنەکانی ئەو قەڵایەم وێنە دەگرت ، هەندێك پاشتر هاورێکەم دواند و ووتم : دوای شاری ئەریحا لە فەلەستین ئەم قەڵایە کونترین شاری جیهانە کە ژیان و ئاوەدانی تێدا بەردەوامە ، لەم یەك دووساڵەی دویدا تاکو رەدایەکی باش

ئارایشت کـراوە و هەسـت بـە جموجۆڵێکی گـەورە لەمـەڕ ئاوەدانکردنـەوە و بنیاتنـان دەکرێت و ئەگەر وا بـڕوات لـە ئایندەیـەکی نزیکدا دەبێتـە شارێکی رازاوی دڵڕفێنـی جیهان و پۆشتە و پەرداخ تر دەبێت ، لە هەموو جیهانەوە خەڵکی رووی تێدەکەن بۆ بینینی کۆنترین قەڵای جیهان بەتایبەت کەئێستا پلان و بەرنامەڕێژی کراوە کە قـەڵا نـۆژەن بکرێتـەوە و بکرێتـە مۆزەخانەیـەك بـۆ گەشـتیاری . هاورێکـەم لـەدەمی وەرگرتمەوە و وتـی : وێنەیـەکی سـاڵانی بیستەکانی سـەدەی رابـردووم بینیـوە تـەنها قـەڵا مـاڵی لێیـە و دەوربـەری چۆڵەوانیە و هـیچ مـاڵێکی لێنیـە بـەڵام ئێستا چـەند فراوانە .

پیرە هەولێر شەرەفی ئەوەی پێبڕا ببێتـە یەکـەمین پایتـەختی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان و پەرلـەمان و ئەنجومـەنی وەزیرانـی لـە ئـامێز گـرت ، ئێسـتا گرنگـی و بایەخێکی زۆری پێدراوە لە هەموو بوارەکانی ژیـان و ئاوەدانکردنـەوە و بیناسـازی و تەلارسـازی و جوانکـاری.. هتـد ، ئـەوە پێنگـافی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانە بـۆ پیشخستن و گەشـەکردنی پایتـەخت ، بـەڵام کـاتی خـۆی رژێمـی لـە ناوچووی ئێـراق هەوڵی زۆر و بێوچانیدا تاکو ناو و ناونیـشانی ئـەم شـارە بگـۆڕێت و مـۆرکی کوردانـە لێبـسێنێتەوە تەنانـەت نـاوی شـارەکەی کـردە ( اربیـل ) ئێـستا دوای شـانزە سـاڵ لـە ئازادی کوردستان ووشەی (اربیل ) لە زۆر جیگای شاری هەولێر دەبیـنین بـەزۆری لـە تـابلۆی ژمـارەی ئۆتۆمبیلـەکان هەقـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان مەشـوری ئـەوە بخـوات ئـەو تابلۆیـان بگـۆڕێـت لـە (اربیـل ) بـۆ هـەولێر چـونکە لـە نوسـراوەکانی دامودەزگا فەرمیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەولێر بەکار دێـت ، هـەروەها هاوکـات لێژنەیـەك سـەبارەت بـەتابلۆکانی تـری سەرشـەقام و دوکـان و بازاڕەکـانی هەولێر دابنرێت تاکو مـۆرکێکی کوردانـەی تـەواو بـە بـازاڕ و میوانخانـە و جادەکـانی هەولێر ببەخشێت .